

# گونجاندنی کراس و ئێلەگ لە هەمان رەنگ

دەتوانین شێوازێکی تایبەت لە جلی کوردی بەدی بهێنین، بە گوێرەی ئەو رەنگ و ستایلە، کاتێك گونجاندنی بۆ دەکەین، دەبێتە یەکێك لە شێوازە جوانەکان، لە رێگەی هەڵبژاردنی ئێلەگ و کراسی کوردی، ئەمەش کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەوی دیکە هەیە، بە دوو رێگە دەتوانین شێوازەکانی جلی کوردی ئامادەبکەین، یەکەمیان، لەرێگەی رێکخستنی رەنگی هەر یەکە لە ئێلەگ و کراس لە هەمان رەنگ، رێگەی دووەمیش، جیاکاری نێوان رەنگی ئێلەگ و رەنگی کراسەکە، لەو کاتەی کراس لە جۆرە رەنگێك دەبێ، یان نەخشێکی ناسکی تێدا دەبێ، هەمان جۆرە رەنگ یان رەنگێکی نزیك لە رەنگی کراسەکە، یان رەنگی نەخشەکەی لەگەڵ شێوەکەی دەگونجێنین، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی شیاو، چونکە گونجاندنی نێوان کراس و ئێلەگ گەورەترین جوانیمان بۆ دەستەبەر دەکات.

# پەردەی ماڵ و گونجاندنی

بوونی پەردە لە هەر شوێنێکی ماڵدا، دیمەن و جوانیی خۆی هەیە، جوانیی پەردە لە رێگەی گونجاندنییەتی لەگەڵ شێوەی پەنجەرەکە، هەروەها ئامادەکاریی شێوەی پەردەکە، لە مۆدە تازەکانی پەردە، هەر جۆرە پەردەیەك، بە ئارەزوویەك دادەنرێت، بەمەش دەتوانین شێوازی پەردە لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی ماڵ وەك یەك بێت، یان جیاواز بێت، چونکە پەردە دەبێ لە رەنگێك بێت، لەگەڵ دیکۆری ماڵدا بگونجێت، چونکە پەردە بەو جۆرە دیمەنە دەڕازێتەوە، بەهۆی ئەوەی



# گوارەیەکی شێوە بچووک بۆ خانمان



هەر جۆرە ئێکسسوارێك، مانایەکی جوانی بە خۆیەوە هەیە، جگە لەو ئێکسسوارانەی کە بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی جوانکاری دادەنرێت، واتە هەندێك لە ئێکسسوارەکان، تەنیا بۆ مەبەستی جوانی دادەنرێن، جگە لەوەی ئەوانی دیکە بۆ مەبەستی بەستن وەك تۆقە، یان بۆ راگرتنی شێوازی جەستە وەك پشتێن یان بۆ رێکخستنی لەگەڵ شێوازی ماکیاژی رووخسار، وەك گوارە، جوانیی گوارە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئێکسسوارەکانی دیکە، بە پێی وتەی پسپۆرانی بواری جوانکاری، هەر مۆدەیەك شێوازێکی تایبەتی هەیە، بەڵام کە باس دێتە سەر گوارە، دەبێ شێوازێکی تایبەتی هەبێ و جوانییەکەشی پەیوەست بێت بە شێوەکەی، هەروەها چۆنییەتی هەڵبژاردنی رەنگەکەی، لەو کاتەشدا دەبێ گوارە، لەگەڵ رەنگی جلوبەرگ یان رەنگی ماکیاژ هاوشێوە بێت، ئەمەش وادەکات کە لە رێگەی شێوەی ئێکسسوارەکەوە مامەڵە لەگەڵ جوانی رووخساردا بکەین، چونکە کاری گوارە، هاوسەنگ کردنی جوانیی نێوان رووخسار و قژ و سەرە، بۆیە گرنگە گوارەکان لە شێوەی بچووك بن، یان ئەو شێوازە بێ کە بە گوێ دەخولێتەوە و پێوەی دەکرێت.

# لەگەڵ کەرەستەکانی ماڵ

شێوەی پەردە گەورەیە و دیار و بەرچاوە، رەنگەکەشی گوزارشت لە دیمەنێکی ژوورەوە دەکات، دەکرێت نەخشی ناو پەردە لە گوڵ یان لە وێنەی گیانداری بچووك بێت، یاخود لە نەخشی تێکەڵ بێت، بۆ نموونە، دەکرێ رەنگی پەردە و سەرسیسەم لە هەمان رەنگ بێت، یان رەنگی قەنەفە و کەرستەکانی ئەو ژوورەی پەردەکەی لێیە، لەو جۆرە رەنگە بێت کە رەنگی پەردەکەی لەسەر هەڵدەبژێردرێت.



## کەرەستەکانی ژووری دانیشتن

دیکۆری ماڵ، بە دوو لا هەڵدەبژێردرێ، یەکەمیان، شێوازی کەرەستەکانە، دووەمیش رەنگی ئەو کەرەستانەیە کە لە شوێنێکدا دادەنرێن، هەر لەگەڵ ئەو جۆرە مۆدەیەی دادەنرێن، دەتوانین کەرەستەکان بە پێی شێوە و شێوازەکانیان هەڵبژێرین تاوەکو گونجاو بن لەگەڵ ژووری دانیشتن یان ژوورەکانی دیکەی ماڵ، بۆ دانانی کەرستە، لە وەرزی پاییز و زستاندا، دەتوانین بەپێی شێوازەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، زیاتر لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا، رەنگ گرنگی خۆی دەبێ، بۆ هەڵبژاردنی ستایلێکی جوان و رازاوە بۆ ژووری دانیشتن، ئەم جۆرە دیکۆرە کە لە چەند کورسی و قەنەفەیەکی دیاری کراو و لە رەنگی سپی پێکدێت، دەبێتە شای دیکۆری ژوورێك بۆ دانیشتن و حەسانەوە، گرنگە شێوەی کەرستەکان نزم و گونجاو بن لەگەڵ ئەو ژوورەی لێی دادەنرێت.



# هەڵبژاردنی شێوازی کاتژمێرەکانی دیوار











رازاندنەوەی دیکۆری ماڵ، پێویستی بە کاری جوان دەبێت، لەم رێگەیەشەوە دەتوانین شێوازێکی جوان لە مۆدەکانی دیکۆر و رازاوە ئەنجام بدەین، لە کاتێکدا هەر مۆدەیەك پێویستی بە هەنگاوێکە، بە تایبەت هەندێك کەرەستەی بچووك هەن، بەڵام جوانی و رواڵەتێکی گەورەیان هەیە، وەك هەڵواسینی وێنە و کاتژمێر لەسەر دیوارەکان، دەتوانین لە رێگەی کاتژمێرەوە، هەمان ئەو جۆرە جوانییە بەدی بکەین کە شایستەی دیکۆرێکی تایبەتە، کاتژمێرەکان بە چەندین شێوە و ئەندازەی جیاجیا هەن، بۆیە دەکرێت سوود لەو شێوازانە وەربگرین کە سەرنجراکێشن، لایەنێکی گرنگ هەیە لە هەڵواسینی کاتژمێر، ئەویش بە دانانی لەو شوێنەی کە پێویستە، بە تایبەت کە پێچەوانەی پەنجەرە دەبێت و بەمەش دیکۆرێکی تایبەت بە خۆیەوە وەردەگرێت.




# وێنەیەکی کۆن و دەگمەنی قەڵای هەولێر



شاری هەولێر، وەك شارێکی دێرین و کۆن، مێژوویەکی گەورە و پڕ سەروەری هەیە، هەر لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە، تەنانەت بەر لە ئەوانیش بە شارێکی کۆن وخاوەن شارستانییەتێکی گەورە دادەنرێت، هەروەها قەڵای هەولێریش یەکێکە لەو قەڵایانەی کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) هەزار ساڵ، ئەمەش مێژوویەکی گەورەیە و قەڵای هەولێر وەك قەڵای هۆلاکۆ بەزێن، کە هۆلاکۆی گەورەی داگیرکەر، نەیتوانی ئەو قەڵایە داگیر بکات، ئەمەی سەرەوە یەکێکە لە وێنەی قەڵای هەولێر، کە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە بە فڕۆکە گیراوە، مێژووی ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٥٠)ی زایینی، ئەمەش وێنەیەکی دێرینە و قەڵای هەولێر لەوکاتەدا پڕ خانوو بووە و تەنانەت دەوروبەری قەڵا، ڕێژەیەکی کەم خەڵکی لێ ژیاوە و خانووی لێ دروست کراوە، ئەو وێنەیەش لەم کاتە گیراوە، کاتێك فڕۆکەیەکی هێزەکانی بەریتانیا لە سلێمانی بەرەو موسڵ دەچێت و لە ئاسمانەوە وێنەی گیراوە، هەروەها لەسەر وێنەکە نووسراوە، وەستانێکی کاتی ئەو فڕۆکەیە لە هەولێر بۆ نان خواردن.

# پێشبڕکێ نێوان کوردس




ماوەیەك بەر لە ئێستا، هەواڵی ئەو گەنجەی شاری هەولێرمان بڵاوکردەوە، کە توانیبووی بە دەستێك (١٥) پیاڵە چا هەڵبگرێت، ئەمەش بووە ریکۆردێك بۆ ئەو گەنجە کوردە، کەچی وادیارە بەریتانییەکان لاساییمان دەکەنەوە لەوەی زۆرترین پەرداخ بە دەستیان هەڵبگرن، ئەمەش لەلایەن (فیلیب ئۆنستۆن)، کە توانی (٥١) پەرداخ بە دەستێك

# لەبەر بێ شوێنی، ئۆتۆمبیلەکەی ب

دوای ئەوەی هەواڵی ئەو پارکە سەیرەی بۆ ئوتۆمبێلێك کراوە لە شاری کەیڤی پایتەختی ئۆکرانیا بڵاوبووەوە کە لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکە دانراوە، دوای لێکۆڵینەوە لەو بابەتە، کابرای خاوەن ئوتۆمبێل بۆ جوانی ئەو کارەی کردووە، دوای ئەوەی ڕۆژێك لە خوارەوە جێگەی ئوتۆمبێلەکەی نابێت و ئەویش لە داخی ئەو حاڵەتە، هەڵگری کەرەستە (رافعە)یەکی هێناو ئوتۆمبێلەکەی پێ بردە ئەو شوێنە بەرزە، وەك نارەزاییەك لەبەرامبەر نەبوونی شوێن بۆ وەستانی ئوتۆمبێلەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ئوتۆمبێلەکە دەڵێت : جگە لەوەی کارێکی باشم کردووە دیمەنێکی جوانیشی هەیە کە ئوتۆمبێلم لەو شوێنە ڕاگرتووە و کەسیش کاری لەم جۆرەی پێناکرێت.

# دامە یارییە بە جۆشەکەی کوردەواری

چەندین گەمە و یاری کۆن و فولکلۆری هەن، کە لە پێشوودا باوك و باپیرانمان دەیانکرد لە دیوەخان یان لەسەر جۆخینان یان لەو شوێنەی لێی کۆدەبوونەوە بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش، زیاتریش شەوانە ئەو یاریانــە ئەنجام دەدرا چونکە بەرۆژ خەریکی ئیش و کار بوونە، یارییە کوردیەکان زۆرن، لەوانە : دامە – سینیانێ –کلاوێن و کەرەمەستانێ، چەندینی دیکــەش کە لە ژماردن نایەن، یەکێك لــەو یارییەی تاکو ئێستاش دەکرێت کە جەماوەر و یاریزانی باشی هەن، بە تایبەت لەلایەن پیاوە بەتەمەنەکان، ئەویش گەمەی (دامە)یە.

دامە یارییەکی کۆنە و لە زۆر شــوێنی دەکرێ، شــێوەی دامە لە (٦٤) خانەی چوارگۆشــە پێکدێت، واتــە هەر ریزێکی (٨) خانەیە، زیاتر بۆ یاری کردنی دامە، بەرد بەکاردەهێنرێ، بۆ هەر لایەك (١٦) بەردە، کە لە ســەر دوو خانەی ئاسۆیی دادەنرێت، دەبێت رەنگی هەر لایەك جیاواز بێت لە رەنگی بەردەکانی ئەوی دیکە، یاســاکانی دامە بەم شــێوەیەیە: هەر بەردێك بۆی هەیە خانەیەك بچێتە پێش، واتە یەك خانە بەرەو پێشــەوە، کاتێك بەردێك بگاتە کۆتایی خانەکانی کەســی بەرامبــەر دەبێتــە (ئاغا)، جوولەی ئاغا لە جوولــەی بەرد زیاترە و ئاغــا بۆ هەر چوار دەوری خۆی دەچێت و دێــت، هەروەها دەتوانێت بە ئاســانی چەندین خانە ببرێت، کاتێك لایەنێك داوای بەردێك لەوەی دیکــە دەکات لەوکاتە دەبێ بڵێ (ســوارم) واتە ئەو بەردەم دەوێ، لە کۆتایشدا دەبێ یەکێك بەردەکانی ئەوەی دیکە بخوات و تاوەکو کۆتایی یەکێك دەیباتەوە، کاتێك یەکێــك بەردێکی بمێنێت لەو کاتەدا پێیدەڵێن (داشەهارە) واتە ئەو بەردە وەك دەبێتە ئاغا و کاری ئاغا دەکات.

## ـــــــتان و بەریتانیا




هەڵبگرێــت، ئەمــەش بــووە گەورەترین ریکۆردی جیهانی لە بواری هەڵگرتنی کەرســتە و شــت و مەك بە دەســتێك، ئەوەش بزانن ئەوەی لای خۆمان پیاڵــەکان پڕ چای بوون، بەڵام ئەوەی بەریتانیاکە پەرداخەکانی بەتــاڵ بوون، ئــەو گەنجەی لای خۆمــان لــە یەکێــك لە چایخانەکانی بازاڕی ئیسکان کار دەکات و ناوی (ئیبراهیم)ە و ماوەیەکی زۆرە چایچییە.

## ــــــردە سەربان



## مۆدەی جەنتای گەورە باوی هەیە!!



مۆدە و کاری ســەیر، هــەردەم لە داهێنانی تــازەدا رەنگ دەداتەوە، وەك ئەو چەند مۆدەیەی کە کەرســتەی لێ دروست دەکرێت، لە هەمان کاتیشــدا رەنگــە لە داهاتوودا ببێتــە مۆدەیەکی جیهانی و لە حاڵەتە ســەیرەکەیدا نەمێنێت و ببێتە کەرستەیەکی ئاسایی، کارگەی شانێلی فەرەنســی، گەورەترین جانتای دەستی ئافرەتانی درووستکردووە، ئەو جانتایە لەلای دیزاینەری بەناوبانگ (کار لاگیرفیلد) دروســت کراوە و شــێوەی جەنتاکە زۆر گەورەیە و کاتێك ئافرەتان لە دەســتیان بێت، بەلایەنێکی جەســتەیان شــۆڕ دەبێتەوە و بەمەش رەنگــە ببێتە مۆدەیەکی جیهانی و ئافرەتانی لای خۆشمان لە قۆڵی بکەن.

## مانـــای خـــەون

**تاریكی:** لەخەودا ڕێ ون كردن و سەرسووڕمانە، ئەگەر یەكێك كافر بێت و لە خەودا ببینێت چووە ڕۆشنایی ئەو كەسە دەبێت بە موسڵمان، یان تۆبە دەكات و ڕێگەی ڕاست دەگرێتــە بەر، ئەگەر لەزینداندا بێت بەرەڵڵا دەكرێت،تاریكی مانای زوڵمە، كێ بچێتە تاریكی ئەو كەســە زوڵم دەكات، ئەوەی تاریكی ببینێت زوڵمی لێ دەكرێت لەوانەیە تاریكی مانای تاریكی دڵ و چاو بێت.

**سەرچاوە: خەوننامە!**



## جیاوازی وێنە !

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا چەند خاڵێكی هاوبەش لەم دوو وێنەیەدا بدۆزەوە



## یاری پیت ریزكردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنـــەكان ڕێكبخەی بۆئەوەی ناوی ئەكتەرێكی كوردت بۆ دەربچێت.

ۆ ، ه ، ك ، ح ، م

وەڵامی ژمارەی پێشوو : جونبوش

**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**




با ئیرەیـــی و گومانی نابەجێ نەبنە پاڵنەر بۆ دەركردنی بڕیاری ناهەموار دەرهەق بە خۆشەویســـتەكەت و دەرهەق بەكەس و كارت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**



ئەگەر دەتەوێت بەئاواتەكانت بگەیت هەوڵیان بـــۆ بدەو ئامـــۆژگاری لەكەســـانی بەئەزمـــوون وەربگرە. لەقۆناغی داهاتوودا بەخت یاوەرت دەبێت.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**



جیاوازی لەهەندێك بیرو بۆچووندا نابێتە هۆی دروستبوونی كێشە. هەڵە بەهەڵە چارەســـەر ناكرێت . ئاگادری باری تەندروستیت بە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**



كەسانێك هەن چاوەڕوانی ئەوەدەكەن لە كارەكانتدا تووشی هەڵە ببیت و بۆئەوەی كێشەت بۆ درووست بكەن. ئـــاگادر بە مەســـەلە وردەكانیش فەرامۆش مەكە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**



ئەو مەسەلەیەی ماوەیەكە بیری لێدەكەیتەوەو پلانی بۆ دادەڕێژیت نەتتوانیـــوە دەریببڕیت . ئەمڕۆ هەلت بۆ دەڕەخسێت بیخەیتە ڕوو.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**



لەكاری بازرگانی و دارایدا متمانە بەهەر كەســـێك مەكە. ئەمڕۆ هەواڵێكی دڵخۆشـــكەرت پێ دەگات لەبواری كارەكەتەوە.

## بۆ زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (برادۆست) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (بەشێكی جەستەیە لەسەرەوەیە)
- پیتی خانەكانی (١+٢+٣+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كەرەستەیەكە بۆ داهێنانی قژ بەكاردەهێنرێ)
- پیتی خانەكانی (٧+٦+١) كۆبكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سپی)
- پیتی خانەكانی (٥+٦)كۆ بكەیتەوە بە مانای (كۆكراوەی دوو ژمارە (٥)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بـــاری داراییـــت خراپە ئـــاگاداری خەرجیەکانـــت بـــە . چاوەڕوانـــی گۆڕانکارییەکـــی لەنـــاکاو بـــە لـــە پیشەکەتدا.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەدایك بووی کەلووی دووپشك ئەمڕۆ پەیوەندی سۆزداری لەبەرنامەتدا بسڕەوەو بەخت لەمبارەیەوە یـــاوەرت نابێت. بایەخ بەکارەکانت بدە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگـــەر کێشـــەکانت لەگـــەڵ خۆشەویستەکەتدا کارگیەریان بەسەر پیشـــەکەتەوە هەبێت پێویســـتە بڕیار بدەیت و خۆت یەکلا بکەیتەوە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێویســـتە لەگـــەڵ بارودۆخـــدا خـــۆت بگونجێنیت . ئەمڕۆ لە دڵەڕاوکێدا دەژیت هۆیەکەشـــی بۆ خراپـــی بەڕێوەچوونی کارەکانت دەگەڕێتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هاوڕێیەکی دڵسۆزت پەیوەندیت پێوەدەکات و دەرفەتی قازانجێکی باشـــت بۆ دەڕەخســـێت. ئەم دەرفەتە لەدەست خۆت مەدە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لـــەڕووی پیشـــەییەوە پلانەکانـــت گۆڕانکاریان بەسەر دادێت. بەیارمەتی دۆستێکی دڵسۆزت ئاواتێکت دێتە دی. هەواڵێکی خۆشیشت پێ دەگات.

## نوکتە



# منداڵێک لە بووکە شووشە دەچێ

جیهانی منداڵ، جیهانێکی پاك و بێگەردە، شێوەیان جوان و ناسکن، لە زۆر شت ناگەن و لـــە زۆر شـــتیش دەچن،، لـــەو کاتەی هەندێکیان لە شێوەی بووکە شووشە دەچن و لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، وەك ئەو منداڵە کە شێوەی وەك بووکە شووشەکەی وایە، کە لـــە وڵاتی نیوزیلەندا دەژی و دوای ئەوەی دایکی لە بازاڕدا دەبینێت کە بووکە شووشە لەســـەر شـــێوەی منداڵەکەیدا هەیە، بۆیە هەمان ئەو بووکەشووشـــەی بۆ منداڵەکەی هێنا و تاکـــو کەس نەتوانێ لـــە یەکتریان جیابکاتەوە.

## پەندی ناوداران

**موزارت دەڵێ :**

**-ئارامییەك ببێتە هۆی نا ئارامی کەسانی دیکە، تاوانێکی گەورەیە**

## دیـوانـە شـیعر



**عەبدوڵا پەشێو دەڵێ :**

**چەند دەترسم**
**کە دێمەوە**
**هەواڵێکی تاڵت پێ بێ**
**...چەند دەترسم**
**کە باوەشت پێدا دەکەم**
**بۆنی نامۆیەکت لێ بێ**
**چەند دەترسم**
**کە دێمەوە**
**گرامەری زمانی چاو**
**ڕێنووسی هێمات گۆڕابێ**
**چەند دەترسم**
**پلەی گەرمی پەنجەکانت**
**وەك بەجێمهێشت وا نەمابێ**
**لەمەش زێتر**
**چەند دەترسم، کەسم، هاوڕێم**
**کە دێمەوە**
**تۆ وەك خۆت بیت، من بگۆڕێم !**

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**